# یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە (٨)ی سالّی (١٩٩٩)ی سەندیکای دەرمانسازانی هەریمی کوردستانی عێراق

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان: ٣٢**

**مێژووی دەرهێنان: ١٣/١٢/٢٠٠٠**

«بڕیار»

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)لە ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالّی (١٩٩٢)و لەسەر داواکاریی وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٢٢)ی ڕۆژی (١٢/١٢/٢٠٠٠)یدا یاساکاری کردووە و بە پێی ئەو دەسەلاتەش کە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساتی١٩٩٧ پێمانی داوە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

## یاسای
## ژمارە (١٦)ی سالّی ٢٠٠٠
## یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە (٨)ی سالّی (١٩٩٩)ی سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

ئەم بڕگانەی خوارەوەی ماددەی شەشەم بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

دووەم: مزەی مۆڵەت(رسم الاجازە)ی دانانی دەرمانسازی ـ بەنیو دەوامی ـ (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا دینارەو، مزەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی دەرمانسازی(مەسئولی + ئیمتیاز) سالانە (٢٠٠) دوو سەد

دیناره.

سێیەم: مزەی مۆڵەتی دانانی دەرمانسازی ـ بە دەوامی تەواو ـ بۆ (خانەنشینان) (٥٠٠) پێنج سەد دینارەو، مزەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی دەرمانسازی (مەسئولی+ ئیمتیاز) ساڵانە (٤٠٠) چوار سەد دیناره.

چوارەم: مزەی مۆڵەتی دانانی مەدخەر (١٠٠٠) هەزار دینارەو ،مزەی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی مەدخەر بۆ (خانەنشینان) (مەسئولی+ ئیمتیاز) (٧٥٠) حەوت سەدو پەنجا دینارەو، مزەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی مەدخەر ـ بەنیو دەوامی ـ ساڵانە (٥٠٠) پێنج سەد دیناره.

**ماددەی دووەم:**

مادده یازده هەموار بکرێ و بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

شەرتوشروت + دانانی دەرمانسازییەکە.

مۆڵەتی دانانی دەرمانسازی بەو کەسە دەدرێ کە ئەم شەرتوشروتەی هەبێ:

١- ناوی دەرمانسازییەکە.

٢- کرێبەندی(عقد ایجار) کە دایەرەی باجی موڵک ومالّ تەسدیقی کردبێ.

٣- ناوە بازرگانییەکەی کە ژووری بازرگانی بۆی مۆر کرد بێ.

٤- رووبەرەکەی لە (٢٠م٢) کەمتر نەبێ.

٥- پانایی دەرەوەی لە دوو مەتر ونیو کەمتر نەبێ.

٦- کاتی ڕوخان وسوتان دەشێ دەرمانسازییەکە بە گواستنەوەی مۆڵەتەکەیەوە بەپێی شەرتوشروت (تەنیا شەرتی رووبەر نەبێ) بگوازرێتەوە بۆ جێگایەکی دیکە لە هەمان ناوچەدا تا کاتی گەڕانەوەی بۆ جێگا کۆنەکەی خۆی یا کردنەوەی دەرمانسازییەکی دیکە بەپێی شەرتوشروتی خۆی.

**ماددەی سێیەم:**

بڕگەی یەکەمی ماددەی بیست وپێنجەم هەموار بکرێ وبەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

١- كاروباری لق لیژنەیەک بەڕێوەی دەبا لە(پێنج) ئەندام پێک دێ واتا (٤ ئەندام + سەرۆک)، دەشبێ ماوەیەک پیشەکەیان کرد بێ لە (پێنج) ساڵ کەمتر نەبێ. ئەوانە ئەندامەکانی لق بەدەنگدانی نهێنی هەڵیاندەبژێرن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی وقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**